
# چەند ووتەیەکی بڵاونەکراوەی زیندەیاد د. قاسملوو ١٩٣٠-١٩٨٩
# بۆ یەکەم جار لە کوردستانێتدا بڵاودەکرێتەوە

ٔگە ٹاڵە ، باشووری کوردستان، بەهاری ساڵی ١٩٨٣، دەورەی کادیرەکان،
دەرسێک سەبارەت بە  درووشمی بنەڕەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ٔ
لە  یادی چواردەمین ساڵی تیرۆرکردنی د. قاسملوو

ئامادەکردنی: س. ماکوان
makwan@ikurd. com



زیندە یاد د. قاسملوو

١٣ی جولای چواردە ساڵ بە سەر تیرۆری زیندەیاد د. عەبدوولڕەحمان قاسملوو لە لایەن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە نەمسا تێدەپەڕێ، بڵاو کردنەوەی ئەم باسە پاش ٢٠ ساڵ یادکردنەوەیەکە لەو نەمرە لە چواردەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆریدا. یادی بە خێر بێ و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێ.

**چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**

- ئەم نووسینەی خوارەوەدەقی باسێکی نەمر د قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٣ لە کلاسی پەروەردەی کادیرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندایە. باسەکە ئەو دەم لە سەر شریت تۆمار کراوەو ئەمە یەکەم جارە کە بە شێوەی نووسین ئەویش لە سەر نێت بڵاو دەکرێتەوە. نێوەرۆکی باسەکە، لێکدانەوەیەکی تیۆری لە سەر درووشمی سیاسی حیزبی دیمۆکراتە واتە خودموختاری. لەم باسەدا د قاسملوو باسی چەمکەکانی ٔسەربەخۆیٔ، ٔفیدرالیزمٔ و ٔئوتۆنۆمیٔ دەکا و بە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو دەمی بارودۆخی جیهانی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان لە گەڵ ئەوەی قەد مافی سەربەخۆی

بەلاوە نانێ لەو بڕوایە دایە کە هەڵگرتنی درووشمی ئوتۆنۆمی درووشمێکی واقێعبینانەیە بو هەلومەرجی ئەو دەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیمڕۆ ڕاست ٢٠ ساڵی تەواو بە سەر گوتنی ئەو باسەدا تێدەپەڕێ. لە ماوەی ئەو ٢٠ ساڵەدا جیهان و کوردستان گەلێک ئاڵوگۆڕی گەورەی تێدا ڕوودراوە. یەکیەتی سۆڤیەتی ڕۆخاوەو لە سەر کەلاوەکەی دەیان دەوڵەتی نوێ بە ئێتنیکی جیاوازەوە سەریانهەڵداوەو تەنیا زامی ناسۆری چێچێنە کە ئێستاش خوێن دەدەڵێنێ. ئورۆپا بەرەو درووستکردنی دەوڵەتی سۆپێر نەتەوەیی هەنگاوی خێرای ناوە. ئامریکا بووەتە تاقە زلهێزی جیهانیی کە هەم زەمین و هەم ئاسمانی داگیرکردووە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش کەوتووتە بەر گۆڕانکاری. بەشێک لە خاکی کوردستان، باشووری کوردستان ئازادەو یەکێک لە چوار داگیرکەرانی کوردستان جارێک گۆڕی ون بووە. لە باکووری کوردستان نە تەنیا کورد نەتواوەتەوە بەڵکوو ئیمڕۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری دیمۆکراتی و سەردەمانە بۆ وەدەستخستنی مافە ئینسانییەکان لەو پەڕی پەرەگرتندایە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی کوردی بە داخەوە لاوازە و بەشێکی زۆریش لەو کەمایەسییە دەکەوێتە ئەستۆی خودی بزووتنەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی کە دوای نەمانی د قاسملوو ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە کزی داوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە بە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا ڕوویداوە و بە تایبەتی ئەو مەوقەعیەتەی کە کورد لە مەیدانی نێونەتەوەییدا و هەروەها لە لای گەورەترین زلهێز واتە ئامریکا وەدەستی هێناوە، ئەگەر هاتباو نەمر د قاسملوو لە ژیاندا بوایە، هەڵوێستی ئێستای چ دەبوو چۆن بیری دەکردەوە؟ ئەو کریتێریانە، تایبەتمەندیانەی کە د قاسملوو لە باسی هەڵگرتنی درووشمی سەربەخۆییدا باسی دەکا کە کورد دەبێ پێی بگا، ئیمڕۆ بە کردەوە لە باشووری کوردستاندا پێی گەیوون، کەوابوو پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئەدی هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان بۆ ڕاوەستاون؟

- نێوەڕۆکی ئەم بەسە مەرج نیە لە گەڵ بیروباوەڕی ئیمڕۆی من بێتەوە، بڵاوکردنەوەی لە لایەک جورێک ڕێزلێنانە لەو مەزنە لە لایەکی دیکەوە بە وورد بوونەوە لە نێوەڕۆکی باسەکە مرۆڤ تێدەگا کە د قاسملوو خاوەنی چ لێزانی و شارەزاییەک لە پێوەندییە سیاسییەکانی جیهانی و کوردستانیدا بووە هەربۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم باسە دەتوانێ لە زیاتر ناساندنی د قاسملوودا بە کورد نەخشی هەبێ.
- وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەم نووسینە لە دەقی ئاخاوتنەوە هێنراوەتە سەر کەمپیوتەر، ڕەنگە هێندێک هەڵەی زمانەوانی تێدا بێ بەڵام لە بەر پاراستنی دەقەکە وەک خۆی چۆن بووەو هەروەها ئەمانەت پارێزی لە دەستێوەردان خۆم پاراستووە. لەو شوێنانەی تووشی ووشە یان ڕستەی دووپاتکراوە هاتبم ئەوە بۆشاییم داناوە، دەنا مەبەستی بە ئەنقەستی تێدا نەبووە. لە پەنای هێندێک ووشەی فارسیدا بەرانبەرەکانیان بە کوردی دانراوە، بۆ نموونە: باریز — بەرچاو-. ووشەکانی من لە نێو کەوانەدا دانراون، {. . .}.

**بەشی یەکەم:**

. . . ئێمە هەر لە سەرەتای بەرنامەکاندا —حدکا- هاتووە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران مافی دانانی چارەنووسی خۆی هەیە. ئەوە بیرووڕای ئێمەیەوەو ئەو حەقە، حەقێکی موسەلەمەو لە سەرەتای بەرنامەکەماندا نووسراوە. مافی چارەنووس موحتەوایە، لە هەر پەدیدەیەکدا هەم موحتەوا هەیەو هەم شکڵیش هەیە. بۆ نموونە لە بەرنامەو پێرەوەونێوخۆی حیزبەکەماندا: بەرنامە موحتەوای حیزبی ئێمە دیاری دەکاو پێرەوەونێوخۆ شکڵی ئەو موحتەوایەیە، پێرەونێوخۆ بەڕێوەچوونی کاری ناو حیزب دیاری دەکا. . . . مافی چارەنووس کە داوای دەکەین موحتەوایە. بەڵام ئەو مافی چارەنووسە دەکرێ بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ. یەکەم شێوە کە لە هەمووان باریزترە —بەرچاوترە- زۆر کەس دەیزانێ و لە زۆر جێگاشدا جێبەجێ بووە، سەربەخۆییە. گەلێک مافی چارەنووسی خۆی داوا دەکا تا ڕادەی جیابوونەوەو پێکهێنانی حکوومەتێکی سەربەخۆ و موستەقیل. کەوابوو ئیستقلال شێوەیەکە لە دانانی مافی چارەنووس، شکڵێکە لە جێبەجێ کردنی ئەو موحتەوایە.

شکڵی دووهەم فیدرالیزمە یان فیدراتیڤ، ئەوەش لە زۆر وڵاتدا کە چەند میلیەتین یان فرەگەلین. . . -دیاری کردنی مافی چارەنووس- بە شێوەی فیدرالیزم جێبەجێ دەبێ. مەسەلەن یۆگوسلاوی، خودی یەکیەتی سۆڤیەتی و تاڕادەیەک هیندودوستان. زۆر

وڵاتی دیکەش دەتوانین ناوبەرین، کە ماف دانانی چارەنووس بە شێوەیەک دەبێ کە میلەتەکان جیا نابنەوە و لە ناو یەک دەوڵەتدا لە یەک وڵاتدا دەمێننەوە بەڵام جمهووری خۆیان هەیەو ئەو جمهووریانە پێکەوە جمهوورییەکی فیدراتیو پێکدێنن. ئەو شێوەی فیدراتیڤە یان فیدرالییە، شکڵێکە لە جێبەجێکردنی موحتەوای ماف دانانی چارەنووس.

شکڵی سێهەم خودموختارییە. خودموختاری وەختێ دێتە گۆڕێ بە گشتی ئەو گەلە نەیهەوێ جودا ببێتەوە یانێ واز لە ئیستقلال بێنێ، یان بۆ خۆی نەیهەوێ یان وەزعی وڵات ئیجاب نەکا کە فیدرالی بێ. مەعموولەن لەو وڵاتانەدا دێتە گۆڕێ کە تەنیا یەک نەتەوەی زۆرلێکراوی هەیە. ئەو میللەتی زۆرلێکراوە داوای خودموختاری دەکا و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەمێنێتەوە، بەڵام چونکە مەساییلی تایبەتی میللی خۆی هەیە داوای خودموختاری دەکا. دەبینین لە ئێتحادی شورەویدا، لە داخیلی جمهووریەکاندا ناوچەی خودموختاریش هەیە. دەتوانین لە وڵاتانی دیکەش نموونە بێنینەوە وەک ئیسپانیا و هیندوستان. . . . . ئێستا ئیدی خودموختاری شتێکی تازە نیە، لە زۆر جێگا پیادەکراوە. لەو جێگایانەی کە چەند میللەتی زۆرلێکراوی هەبێ بەرەو فیدرالیزم دەڕوا. . . . تەنیا لەو جێگایەی کە یەک نەتەوەی زۆرلێکراوی هەبێ، داوای خودمۆختاری دەکا، ئەگەر نەیهەوێ جودا بێتەوە یان جارێ ئیمکانی نەبێ داوای فیدراتیڤ بکا. باشە هەر لێرەوە دێینە سەر کوردستانی خۆمان. کەوابوو ئەگەر ئێمە خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەستکەوێ، بەومانایەیە ماف چارەنووس جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نیە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەبێ، ئاڵایەکی تایبەتی خۆمان هەبێ یان دراوی تایبەتی خۆمان هەبێ. ئەوە زۆر میللەت هەیانە، بە تایبەت لە ئافریقا کە پێشتر موستەعمەرە بوون و ئێستا ئازاد کراون، بەڵام هیچ ئێحساسی ئەوە ناکەن کە ماف دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی زاهیری ئیستقلال. . . . عەکسی ئەوەش ڕاستە ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینە هەبێ، بەڕاستی ماف چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بێ، هیچ پێویست بەوە ناکا کە نوێنەری تایبەتی خۆی هەبێ یان دراوی تایبەتی خۆی هەبێ، موهیم ئەوەیە کە خەڵک هەست بەوە بکا کە حاکمە بە سەر چارەنووسی خۆیدا.

ئەوە شتێکە کە ئێمە بە زەحمەت توانیومانە لە زۆر سازمانی –ڕێکخراو– پێشکەوتووش حاڵی بکەین. چونکە زۆر جار ئەوان مەسەلەکە دێننە سەر ئەوە کەمەسەلەن با کوردستان ئاوەدان بکەین، با خەڵکی کورد وەزعیان باش بێ، فەرهەنگی هەبێ، ئیقتسادەکەی–ئابووری– بچێتە پێش، لەوە زیاتر خەڵکی کوردستان چی دەوێ؟ خەڵکی کوردستان کە شەش ساڵە شەڕ دەکا و ئێستاش ئامادەیە شەڕ بکا، تەنیا بۆ ئەوە نیە کە ڕێگای ئاسنی بۆ بکێشرێ، کارخانەی هەبێ، –کورد– ئەوەی دەوێ کە بۆ خۆی هەست بەوە بکا کە لە وڵاتەکەیدا بێجگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە بە سەریدا حاکم نیە. ئەو لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەی دەوێ و ئەو ئەساسە. ئەگەر ئەوەی دەستبکەوێ، ئەوە ئەوانی دیکە بۆ خۆی بەرەبەرە جێبەجێ دەکا. . . . بەڵام ئەگەر ئەوەی دەستنەکەوێ هەرچی لە باری ئابووری و فەرهەنگییەوە ئیمتیازیشی بدەی، هیچ نەتیجەیەکی ئەوتۆی نابێ. بە کردەوەش لە زۆر جێگا دیومانە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر ئیستلاحاتی ئابووری لە کوردستانی عێراق کرا، بەڵام ئەو ئیستلاحاتە ئابوورییانە هیچیان نەبوونە هۆی ئەوە کە خەڵکی کوردستانی عێراق واز لە داوی خودموختاری ڕاستەقینە هەڵبگرن. حکوومەتی جمهووری ئیسلامی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە دەڵێ قانوونی ئەساسی قەبووڵ بکەن، ئەو وەخت ئیتر ئیمە بۆ لە کوردستان چەک خەرج دەکەین، دەڵێ عومرانی و ئابادی –ئاوەدانی– دەکەین. نازانم چ دەکەین و فڵان دەکەین، حاڵی نەبووە، . . . ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ ئەوەیە کە ئەو زۆرلێکراوییە، ئەو ستەمە مللییە لە پێش هەموواندا لە بەین بچێ، کەنگێ لە بەین دەچێ، ئەو وەختە خەڵکەکە ئێحساس بەوە دەکا کە حاکم بە سەر وڵاتی خۆیدایە. نە ژاندارمی لە سەرە نە پاسداری لەسەرە، نە هیچ کەسێکی دیکەی لە سەرە. ئەوە بە نەزەری من ئەساسە. لە مەسەلەی خودموختاریدا ئەو مەسەلەیە ئەساسە ئێستا ئێمە بابزانین ئێمە وەک حدکا بۆ هاتووین خودموختاریمان هەڵبژاردووە؟

لە پێشدا لە ئیستقلالەوە دەست پێبکەین، بۆ ئێستقلالمان هەڵنەبژاردووە؟ دیارە ئیستقلال و سەربەخۆی مانای جیابوونەوەیە. با لە پێشدا ئەوە بڵێێن کە ئێمە وەک حدکا حەقی سەربەخۆی بۆ هەموو میللەتێکی زۆرلێکراو لەم دونیایەدا قائیلین، کەوابوو دەبێ ئەو حەقەش بۆ خۆمان قائیل بین.... ئەگەر جودا نابینەوە و داوای جودایی ناکەین، دەلیلمان بۆ ئەوە هەیە. . . حەقی جودابوونەوە لە گەڵ جودابوونەوە دوو شتی جیاوازن. لە زۆر وڵاتاندا ماوەیەکی زۆر خەبات کراوە بۆ ئەوەی کە ژن حەقی تەڵاقی هەبێ. . . ئایا مانای ئەوەیە کە –ژن– تەڵاق وەربگرێ، نا، مانای ئەوە نیە. بەڵام دەبێ ئەو حەقەی هەبێ کە ئەگەر ڕۆژێک ویستی لەو حەقە کەڵک

وەربگرێ. میللەتی زۆرلێکراویش دەبێ هەقی ئەوەی هەبێ ئەگەر ویستی جیا ببێتەوە. بەڵام بوونی ئەو حەقە دەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو حەقە دوو شتی جیاوازن. کەوابوو ئێمە ئەو حەقە بۆ خۆمان قابیلین. بەڵام داوای ناکەین چونکە نامانهەوێ. بۆ نامانهەوێ چونکە خودموختاریمان پێ باشترە. سەربەخۆیی مانای جودابوونەوەیە. جودا بوونەوە لە کوردستانی ئێستادا چەند باری هەیە. دەبێ لە چەند سەتحدا ئەو مەسەلەیە موتالا بکەین. یەکێکیان مەسەلەی داخیلی کوردستانە، یەکێکیان مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. . . . یەکێکیان لە واقیعدا مەسەلەی میللەتان یان نێونەتەوەییە:

**سەتحی داخیلی کوردستان:**

لە پێشدا با بزانین ئەوەی {فەرزەن} داوای دەکەین، چییە؟ ئایا ئێمە داوای جودابوونەوە بۆ کوردستانی ئێران بکەین؟ یان داوای کوردستانی گەورە بکەین؟ ئەوە بۆ خۆی جارێک دوو مەسەلەیە. ئەوە دەبێ حەل بکەین لە بەینی خۆماندا چوونکە یەکێک لە شتە هەرە تەئیدییەکانی ماڤ دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد یانێ هەموو کوردستان ئەوە نە جودابوونەوەیە بەڵکوو یەکگرتنەوەیە. ماڤ دانانی چارەنووس ئەگەر بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژێک جێ بە جێ بێ ئەوە مانای ئەوەیە کە یەکدەگرنەوە. پێکەوە یەکگرتن ماڤ جودابوونەوە نیە ماڤ یەکگرتنەوەیە. جودابوونەوە لە میللەتانی دیکەیە. بەڵام لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە حەتا لە حەقی جودابوونەوە زیاترە، کەوابوو ئەو حەقەمان هەیە، چونە دابەشبوونی کوردستان لە واقیعدا دابەشبوونێکی مەسنووعییە– دەستکردە–. ئێستا ئەو وەزعە نەماوە بەڵام جاران کە تازە دابەشکرابوو. ئێستاش هەر شوێنەواری ماوە. دەبینین برایەک کەوتووەتە کوردستانی تورکیە، برایەک لە کوردستانی عێراقەو یەک لە ئێرانە، یانێ خانەوادەیەک–بنەماڵەیەک– دابەشکراوە. کەوابوو ئەو دابەشبوونە مەسنووعییە، تەبیعی نیە. تاریخەن دابەشکراوە. نامهەوێ بچمە سەر ئەوە. پێموایە تاریخەکەمانتان حەتمەن چاو لێکردووە. لە واقیعدا ئەوەڵ دابەشکردن لە پاش شەڕی چاڵدران دەستپێدەکا، ساڵی١٥١٤. یانێ نیزیکەی بەر لە ٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش. بەرەبەرەو ئاخر دابەشبوون پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکا، کە دابەشبوونی یەکجارییە و لەودا ئیمپراتۆری عوسمانی تێکچوو. لە هەوەڵ دابەشبووندا کوردستان {کەوتە} بەینی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی. دەوڵەتی عوسمانی تێکدەچێ کوردستانی عوسمانی دەبێتە سێ بەش، بەشێکی دەبێتە کوردستانی تورکیە، بەشێکی دەبێتە کوردستانی عێراق و بەشێکی دەبێتە ناوچە کوردنشینەکانی سوریە، بەشێکی زۆری دیکەش دەکەوێتە خاکی سۆڤیەتی کە لە واقیعدا لە یەکیان بڵاو دەکەن. کەوابوو ئەو دابەشبوونە بە بێ ئەوەی لە میللەتی کورد بپرسن ئەنجام دراوە. کەس پرسی بە کورد نەکردووە. یانێ ئیمکانی ئەوە نەبووە کە {کورد} بتوانێ حەقی خۆی فەرز بکا. وەختی خوی نەتیجەی ئەوە بوو کە {کوردستان} لە بەینی خۆیاندا دابەشبکەن، من ناچمەوە سەر ئەو مەسەلەیە. وەک لە تاریخدا هەموو جارێک وایە هیچ نەسلێک بۆ خۆی ئەو ژیانەی کە دەستپێدەکا، هەڵنەبژاردووە. لە پێشدا نەسلی پێشتر یان نەسڵەکانی پێشتر بۆیان داناوە. کە لە دایک دەبێ وڵات و جێگایەک دەبینێ. ئەوە نەسلی ئێمەش هاتووە، میللەتی ئێمە لە کوردستانی ئێراندا، لە زەمانی شادا باس بکەین، هاتووە حیزبی دیمۆکراتی درووست کردووە. داوای حەقی خۆی دەکا. {بەڵام ئێمە} هاتووین و داوای ئیستقلالمان کرد، ئیستقلالەکە گوتمان دوو بەشی هەیە. وای دابنێین ئیستقلال بۆ کوردستانی ئێران داوا دەکەین. داواکردنی ئیستقلال بۆ کوردستانی ئێران هەر نەبێ تێکدانی سنووری دەولەتێکە وەک ئێران. لەو ناوچە شاخاوییەدا لە کوردستانی ئێران حکوومەتێک درووست بکەی. ئەو وەختە کە حیزبی دێمۆکرات تازە دەستیپێکردبوو، تەواوی دانیشتوانی {ڕۆژهەڵاتی کوردستان} دەبوون بە دوو سێ ملیۆن و ئێستا نزیک بە شەش حەوت ملیۆنە. لە ئەو ناوچە شاخاوییەدا کە لە باری مەنابعی ژێرزەمنییەوە جارێ نازانین چی تێدایە. جارێ هەتا ئێستا ئەوەی کە تێدایە زۆر کەمەو لە باری ئابوورییەوە یەکجار زۆر فەقیرە. ناتوانێ لە باری ئابوورییەوە بۆ خۆی بژی. چونکە گوتمان هەر ئەوەمان ناوێ ناوێکمان هەبێ، ئیستقلالێکمان هەبێ. ئەو خودموختارییەی کە ئێستا داوای دەکەین دەبێ موحتەواشی ئەوە بێ کە شتێکیش بەو میللەتە بدا. بە تایبەتی بە زۆری خەڵکی کوردستان لە زەحمەتکێشانن. یەکێک لە بارە گرینگەکانی سیاسەتی حیزبی دیمۆکرات ئەوە بووە کە دۆستە کۆنەکانمان کۆمەڵە لێی حاڵی نەبووە. ئەوڕۆکە حیزبی دیمۆکرات لە دوو جبهەدا خەبات دەکا. هەم بۆ حەقی میللی، حەقی نەتەوەیی هەم بۆ حەقی کۆمەڵایەتی و ئابووری زەحمەتکێشان. هەر لە بەر ئەوەشە ئەو نفوزە گەورەیەی پەیدا کردووە. لە تەجرووبەی کوردستانی عێراق کەڵکی وەرگرتووە. لە کوردستانی عێراق حیزبی شیوعی عێراق هەبوو، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقی مەلا مستەفا هەبوو. پارتی مەلا مستەفا کاری بە داخوازەکانی کۆمەڵایەتی نەبوو، حیزبی شیوعی کاری زۆر کەم بوو بە داخوازەکانی نەتەوەیی. لە

نەتیجەدا هیچ کامەیان نەیانتوانی هەموو مەساییلی میللی میللەتی کورد مەترەح بکەن و بتوانن میللەتی کورد بۆ دوارۆژ بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. یەکێک بوو بە حیزبێکی سرف ناسیۆنالیست کە ڕۆژێک لە گەڵ ئامریکا هاوکاری دەکرد، ڕۆژێک لە گەڵ ئێران و ئێستاش لە گەڵ جمهووری ئیسلامی هاوکاری دەکا. ئەوەی دیکە {شیوعی} لە مەساییلی کوردستان حاڵی نەبووە هەر مەسەلەیەکی بە خەیاڵی خۆی چینایەتی مەترەح کرد. مەسەلەی میللی ئەوەندە ئەهمییەت پێنەدا هەتا بوو بە حیزبێکی چکۆڵەو نفوزی خۆی لە دەستدا.

حیزبی دیمۆکرات ئەوە نیە، کە ئەوە نیە مەجبوورە. . . . خۆ ناکرێ قەولی خۆڕایی بە خەڵکی بدەین. وابڵێین ئەگەر ئێمە خودموختاریمان وەرگرت، ئێستا با لە خۆمان نەگۆڕین. . . . خەڵکی سادە خودموختاری بۆ ئەوان ئێستا بووەتە شوعارێک-درووشم-، پێی وایە ئەگەر خودمختاریمان وەرگرت ئەوە هەرچی ئارەزوویان هەیە جێبەجێ دەبێ، چ ئارەزووی فەردی بێ، چ کۆمەڵایەتی بێ. باشە دیارە خودموختاری ئەوە نیە، بەڵام لە عەینی کاتیشدا خودموختاری ئەوەیە کە خەڵکی ئینتزاریان هەیە کە ئەتۆ خودموختاریت وەرگرت زۆر شتیان بۆ جێبەجێ بکەی. یان {زۆرتر لەوە} ئەگەر ئیستقلالمان وەرگرت دەبێ زۆر شت جێبەجێ بکەین. بە نەزەری من و بە نەزەری حیزبی دیمۆکرات، ئێمە لە لە شەرایەتی ئێستادا، ئێستا دێمە سەر ئەوە کە بتوانین یان نەتوانین، حەتا لە باری سیاسییەوە کە گوتم زەحمەتە پاش وەرگرتنەکەی {ئاوا بێ وەک} خۆمان حەز دەکەین. ئەگەر لەو بارەوە بتوانین لە باری ئابوورییەوە ناتوانین، ئەو شتانە کە میللەت لە واقێعدا ئینتزاری هەیە بەدی بهێنین. یان بێجگە لەوە بۆ پاراستنی خۆمان {چ دەکەین} ؟ ئێمە کەوتووینەتە کوێ؟ ئێمە دەکەوینە بەین تورکیە و ئێران، دیارە ئەگەر هەر داوای ئیستقلال بۆ کوردستانی ئێران بکەین، دەکەوینە نێو چەند دەوڵەت. باشە ئەوانە هیچیان دۆستی کورد نابن. دۆستی دەوڵەتێکی موستەقیلی کورد نابن. بە شەش حەوت ملیۆن کەسەوە ئێمە ئیمکاناتی دەوڵەتی ئیسراییلمان نیە، نە لە باری یارمەتی دەرەوەوە، نە لە باری زەمینەوە-هەلومەرجی ڕەخساو- چونکە ئیسراییل کە پێکهات باشترین دانیشتوانی و باشترین ئەفرادی لە هەموو دنیاوە کە جولەکەکان بوون چوون بۆ ئیسراییل. ئێمە ئەو ئیمکاناتەشمان نیە. کەوابوو ئێمە لەو شاخ و داخە دەبێ پووڵێکی زۆرمان هەبێ، داهاتێکی کەمیشمان هەیە، ئەوەی خەرج بکەین بۆ ئەوەی ئەرتەشێکی زۆر قەوی پێکبهێنین هەتا بتوانین دیفاع لە خۆمان بکەین. دەنا یەکێک لەو دەوڵەتانە دەمانخۆن. حەتا ئەگەر ئیستقلالەکەشمان وەربگرین ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە بۆ خۆمان دەبینین لە هەر جێگایەک شەڕ و کێشە هەیە، کەوابوو بە تایبەتی ئەگەر ئێستا. . . ئیستقلالەکە ئێعلام بکەین و بشتوانین ڕەسمییەتی پێبدەین، باشە بەڵام بە چی بیپارێزین. {ئەگەر} واقیعبینانە {بیر بکەینەوە}، وەزعی ئابووری کوردستان، وەزعی پێشکەوتنی. . . سەنعەتی کوردستان، نە دەوروبەرەکەمان، یانێ وەزعی ئیستراتیژی و ژیئۆپۆلیتیکی کە پێی دەڵێن جوغرافیای سیاسی هیچیان بە داخەوە ڕێگە نادەن کەئێمە بتوانین کوردستانی ئێران موستەقیل بپارێزین. کەوابوو بە کردەوە ئەوە دەبێ لە ئەولای دابنێین، ئەو هەموو شەهیدە بدەین شتێک پێکبهێنین کە نەتوانین بیپارێزین. زۆر جاریش کراوە بەڵام شۆڕشەکە نەپارێزراوە. ئیمکانی هەیە ئیمەش بتوانین ئەوەی کە دەمانهەوێ بە ناوی ئیستقلال و سەربەخۆیی بە دەستبهێنین بەڵام نەتوانین بیپارێزین.

ئەوە بێنە سەر بەشی دووهەم: بڵێین باشە نا ئێمە ئیستقلالی کوردستانمان ناوێت. ئەگەر داوای ئیستقلال بکەین، ئیستقلالی هەموو کوردستانمان دەوێ. جا ئەگەر ئەوەمان گوت دیارە لە چوارچێوەی داخیلی ئێران دەچینە دەرێ، دەچینە سەتحێکی دیکە، دەچینە سەتحی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. داوای ئیستقلالی کوردستان کردن یانێ تێکدانی سنووری چوار دەوڵەتان. دەوڵەتانی عەرەبی وەک عێراق و سوریە. کەوابوو داوای سەربەخۆیی کوردستان کردن تەرەف بوونە نەک هەر لە گەڵ دوو دەوڵەتی عەرەبی، بەڵکوو لە گەڵ زۆر دەوڵەتی عەرەبی دیکەش. با نەڵێین هەموویان بەڵام زۆری دیکە هەن کە پشتی ئەو دوو دەوڵەتە عەرەبییانە دەگرن و موخالیفەت دەکەن کە کورد پارچەیەک لە خاکێکی لە وڵاتانی ئەوان کە بۆ خۆیان دەڵێن وڵاتانی عەرەبین جودا بکاتەوە. ئسوولەن زۆر کەس لە ئەوانەی کە ئیستا لە سوریە و عێراق لە سەرکارن —سەر حوکمن-، خۆ قسەیان ئەوەیە کە کورد ئەو خاکەی کە ئێستا تێدا دانیشتووە لە دوو وڵاتە عەرەبییەکە {عێراق و سوریە} هی خۆی نیە، {کوردەکان} میوانی وڵاتانی عەرەبین، خاکەکەی هی ئەوانە. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

**درێژەی هەیە**